ئەوەی قوربانیەکی هەبوو بۆ سەربڕین؛ ئەگەر مانگی (ذي الحجة) دەرکەوت، ئەوا با بەهیچ شێوازێک موی لاشەی لانەبات، ونینۆکی نەکات هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات

لە دایکی سەلەمەوە -خێزانی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی قوربانیەکی هەبوو بۆ سەربڕین؛ ئەگەر مانگی (ذي الحجة) دەرکەوت، ئەوا با بەهیچ شێوازێک موی لاشەی لانەبات، ونینۆکی نەکات هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر ئەمر دەکات ئەو کەسەی دەیەوێت قوربانی بکات؛ ئەگەر مانگی (ذي الحجة) دەرکەوت ئەوا نابێت بەهیچ شێوەیەک قژ وموی بنباڵ وسمێڵ وهەمو موی لاشەی چاک بکات، هەروەها نابێت نینۆکی دەست وپێیەکانی چاک بکات لە یەکەم ڕۆژی مانگی «ذو الحجة» وە هەتاوەکو قوربانیەکە دەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8954